# تەکەتولی پێشانگاشمان بینی؟!

**ئاسۆعەبدوللەتیف**

بۆ دووەمجار لە شاری سلێمانی چوار رۆژ لەسەر یەك و لە 5/ 2007/9 ژوری بازرگانی سلێمانی پێشانگای نێودەوڵەتی بە ئامادەبوونی دەیان کۆمپانیای ناوخۆیی و هەندێکی بیانی و عەرەبی و ئێرانی کردەوە،دیارە بە زمانی ستایش پێشناکەوین و دەبیٚ ئەو دۆخە چاکتر بکەین و پێویستە پەنجە بخەینە سەر کەم و کوری و کێماسیەکان، تا لەو دۆخە ئابوریە لاوازە خۆمان رزگار بکەین و خۆمان ببەستینەوە بەدەمارە ئابوریە بەهێزەکانی وولاتانی جیهانەوەو دەستیان بگرین و بانگێشتیانکەین بۆ کوردستان کە ئەمە ئامانجی سەرەکی هەر پێشانگایەکی نێودەوڵەتیە،

نابیٚ لە کوردستانێکی ئابوری لاوازدا ساڵانە سیٚ چوار پێشانگا بکرێتەوەو سەرلە کۆمپانیا بیانیەکانیش بشێوێنین و نەزانن روو لە کام هەرێم و پێشانگای بەناو نێودەوڵەتی بکەن، لە هەر وولاتێکی پێشکەوتوودا پێشانگای نێودەوڵەتی دەبیٚ بە ئەتەکێت بکرێتەوەو کاری میدیاو پەیوەندی و ژوری کۆنفرانس و ئاهەنگ و رێکخستن و ریزبەندی و خزمەتگوزاری و کافتریاو گەرماو سەرمای هۆڵەکان و دیکۆرات و دیزاین و ریکلامی بۆ دابین بکریٚ نەك تەنها بیرکردنەوە لە دەستکەوتی ماددی؟!

دەبیٚ پێشانگا ساڵانە یان دوو ساڵ جارێك بکرێتەوە تا هەموو تواناو هێزی کۆمپانیاکان لە یەك کات و ساتدا دەربکەون بەشێوەیەکی مەرکەزی و کالاکانیان پیشان بدەن وەك چۆن جاران لە بەغدا ئەم جۆرە پێشانگایانە هەبوو، ئێستاش لە ئوردن و ئێران و تورکیا ساڵانە پێشانگا هەیە، لە وولاتێکی پەرەسەندوی وەکو ئیمارات ساڵانە جیتێکس گەورەترین پێشانگای نێودەوڵەتی لە شاری دوبەی ئەکاتەوە و دەستی سەدان کۆمپانیای دەرەکی ئەگرن و سەدان گرێبەستیش واژۆ ئەکریٚ، بەبیٚ ئەوەی لە شاری دیکە پێشانگا بکرێتەوە، پێشانگاکان لە هەموو وولاتێکدا مەرکەزین و قورسایی ئابوری و بزنس و سەرمایەگوزاری خۆیان هەیە، دەموچاوی ئابوری و مۆدێلی مەدەنیانەی ئەو وولاتە پیشانی رای گشتی و میدیای جیهانی ئەدرێت بەبیٚ جیاوازی و پارچەپارچەبوون،ئەوەی کە لە کوردستاندا ئەیبینین دەتوانین ناوی لیٚ بنێین پێشانگای دابەشکردنی زەرف و پاندان و مەدالیا، نەك پێشانگای بیزنسە گەورەکان،

دەبیٚ رەخنەی توندمان لە سەرەتاوە بۆ ئەوەبێت ئاخۆ بەراست پێشانگاکەی سلێمانی نێودەوڵەتی بوو یان نێوسلێمانی!؟ ئەی ئەوەی هەولێر چۆن دەبیٚ؟ بۆچی ئەمساڵ لەوەی سلێمانیدا کۆمپانیاو کەسایەتیە هەولێری و دهۆکیەکان تەنك بوون؟ چ لۆژیکێکی تێدایە ئەو هەموو پارەیە خەرج بکریٚ و پێشانگاکانیش لە ئاستی پێویستدا نەبن و گرێبەستی بازرگانی لەوپەری لاوازیدابیٚ؟ بەحساب یەك حکومەت و پەرلەمانمان هەیە کەچی بەدەستی خۆمان خەریکی قەسابی سەرمایەکانمانین و کۆمپانیاو سەرمایەگوزاری و وەبەرهێنانی ناوخۆیی و دەرەکی دولەت و سێلەت ئەکەین؟ ئاخۆ هەریەك لە پێشانگاکانی DBX و IFP ی لوبنانی و ژوری بازرگانی سلێمانی و ئیتالیەکان بۆچ ئامانجیٚ تێئەکۆشن و دەیانەوێت چی بڵێن؟ ئەگەر نیازی وەبەرهێنان و پیشاندانی کالاو ساغکردنەوەی بەرهەمی کۆمپانیاکانیان هەیە باشتر نیە لە یەك شوێن پێشانگاکە سازبکەن؟ بێگومان پێویستە حکومەتی هەرێم ساڵانە رێگە بەیەك پێشانگا بدات و رێگە لەم شپرزەییە بگرێت، با هەر ساڵەو لە شارێك و مەرکەزی بێت تا کۆمپانیاکان بزانن سودو قازانجەکانیان چیەو بۆچی بەشدارن لە پێشانگاکان و ئەوەندەش دوچاری فەوزاو سەرئێشە نەبن، دیارە ساڵی پار پێشانگاکەی سلێمانی تۆکمەترو دەوڵەمەندتر بوو بە کۆمپانیای بیانی و هاتنی شاندنی حکومەتی یەکگرتوو بیٚ جیاوازی هەولێرو سلێمانی، ساڵی پار ژوری بازرگانی سلێمانی و ژوری بازرگانی عیراقی ئەمریکی بەناوی DBX هەستان بە کردنەوەی پێشانگاکەو پێکەوە کارەکانیان ئەنجامدا و تا رادەیەك وەرزی گەرماشمان تێپەراندبوو هەرچەندە بێکەموکوڕیش نەبوو، بەلام وەرزێکی فێنك بوو گەرما زۆری بۆ نەهێنابوین وەکو ئەمساڵ و پەرۆشی خەڵکیش زیاتر ئەبینراو کۆمپانیا کوردی و عەرەبی و بیانیەکانیش زۆر تربون، بەلام ئەمساڵ ژوری بازرگانی بەجیاو DBX یش بەجیا پێشانگا دەکاتەوەو لە هەولێریش ئیتالیەکان بە جیاو لوبنانیەکانیش بەجیا مانگێکی دیکە پێشانگا ئەکەنەوە، ئەم مۆدێلە بۆ وولاتێکی وێرانی دارماوی وەك کوردستان مایەی خەسارەتێکی گەورەو بەفیرۆدانی ووزەیەکی تازە پەرەسەندوی ئابوری و سەرمایەگوزاری کوردیەو نابێت حکومەتی هەرێم رێگە بدات ئەم تەکەتولبازی و جیاکاریانە پێشانگاو کۆمپانیاکانیش بگرێتەوە، گرنگە هێزی ئابووریمان لە یەك پێشانگادا دەرخەین بۆ جیهان.